خودایە؛ من تەنها مرۆڤێکم، هەر کەسێک لە موسڵمانان کە جوێنم پێدا بێت یان نەفرەتم لێ کردبێت یان لێم دابێت؛ ئەوەی (کە من کردوومە دەرهەقی) بیکە بە مایەی پاکبوونەوە (لە گوناهـ) و ڕەحمەت بۆی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودایە؛ من تەنها مرۆڤێکم، هەر کەسێک لە موسڵمانان کە جوێنم پێدا بێت یان نەفرەتم لێ کردبێت یان لێم دابێت؛ ئەوەی (کە من کردوومە دەرهەقی) بیکە بە مایەی پاکبوونەوە (لە گوناهـ) و ڕەحمەت بۆی».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کرد، فەرمووی: خودایە، من تەنها مرۆڤێکم، تووڕە دەبم هەروەکو چۆن مرۆڤەکان تووڕە دەبن، جا هەر باوەڕدارێک کە ئازارم داوە یان جوێنم پێداوە، یان نەفرەتم لێکردووە بە نزا کردن بۆئەوەی دوور بخرێتەوە لە ڕەحمەتی تۆ، یان بە جەڵد یان بە دەست لێیم داوە، ئەوا ئەو شتانە بکە بەهۆکاری پاکبوونەوەی لە گوناهەکانی و نزیکبوونەوەی لە تۆ، و ڕەحمەتێک کە بەهۆیەوە ڕەحمی پێ بکەیت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65812